


# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (پیرەمێرد و زەریا)

**بێهزاد قادری**
**(مەریوان)**

"ئێرنست هێمینگوەی" (١٨٩٩-١٩٦١)، نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکییە و یەکێکە لە باشترین نووسەرانی ڕۆمان و چیرۆک لە جیهاندا، لە ساڵی ١٩٥٤ خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەب وەرگرتووە، یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی بردنەوەی نۆبڵەکەی، نووسینی ڕۆمانی "پیرەمێرد و زەریا" بووە.

هێمینگوەی هەر لە لاوێتیدا وەک هەواڵنێر بۆ ڕۆژنامەی "کنساس ستار" کاری کردووە و لە ساڵی ١٩١٨دا و لە کۆتایی دووەمین شەڕی جیهانیدا، وەک خۆبەخش لەگەڵ "مانگی سووری ئیتالیا" کاری کردووە و بە ئەستەم بریندار بووە و چەند مانگێک لە نەخۆشخانە کەوتووە و نەشتەرگەرییەکی زۆریشی بۆ کراوە، کە چاک بووەتەوە، نیشانەی ئازایەتی وەرگرتووە و پلەی "مولازمیشی" پێ دراوە.

هێمینگوەی لە ساڵی ١٩٥٣دا خەڵاتی "پولیتزەری" ئەمریکی وەرگرتووە، خەڵاتی نۆبڵ لە وێژەدا، توانیویەتی جێ قامکی خۆی لە وێژەی ئەمریکادا دابنێت و بووەتە یەکێک لە پێگە گرینگەکانی ئەدەبی ئەمریکی.

لە کۆتایی ژیانیدا، هێمینگوەی لە وڵاتی "کوبا"دا جێگیر بووە و تووشی نەخۆشی دەروونی بووە و لە ساڵی ١٩٦١دا خراوەتە نەخۆشخانە و لە دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە دەرچووە، هەر لە ساڵی ١٩٦١دا بەو چەکەی کە باوکی بە دیاری و بۆ ڕاوکردن بۆی کڕیبوو، خۆی کوشت و گیانی لەدەست داوە.

دەگوترێت ڕۆمانی "پیرەمێرد و زەریا"، هیچ کات کۆن نابێت! چونکە تا سروشت و جیهان بوونی هەبێت، زەریایش هەر هەیە و تا زەریایش هەبێت، پیرەمێردی ماسیگریش هەر هەیە. "سانتیاگۆ"، پیرەمێردی ماسیگر، نموونەیەکە لە مرۆڤێکی ڕاستەقینە و زەریا و ماسی و کۆسەماسیش، هێمایەکن لە ژیان.

"سانتیاگۆ"، پیرەمێردێکی ماسیگرە، خەڵکی "هاڤانا"یە کە بە بەلەمەکەی لە زەریادا ڕاوەماسی دەکات. چوار ڕۆژ تێدەپەڕێت و تەنانەت ماسییەکیش ڕاو ناکات، خەڵک دەڵێن تووشی چارەڕەشی بووە. "مانۆلیۆ" کوڕێکی تازەلاوی

دلۆڤانە کە ماوەیەک لە بەلەمەکەی پیرەمێرددا کاری دەکرد، بەڵام دایک و باوکی گوتبوویان کە پیرەمێرد تووشی چارەڕەشی بووە و ئیتر نابێ کوڕەکەیان لە بەلەمەکەی ئەودا کار بکات، بەڵام هەر کات کە دەیدی پیرەمێرد ئێواران بە دەستی بەتاڵەوە دەگەڕێتەوە، ناڕەحەت دەبوو؛ جار جار چێشتی بۆی دەبرد و پەرداخێک قاوە و ڕۆژنامەی بۆ دەکڕی و ماوەیەک پێکەوە گفتوگۆیان دەکرد، ئەم تازەلاوە کە لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە لە لای پیرەمێرد کاری کردبوو، هەستێکی تایبەتی بۆی هەبوو، پیرەمێردیش وەک منداڵی خۆی، خۆشی دەویست، ئەم کوڕە پیرەمێردی بە گەورەترین و بەهێزترین ماسیگر دەزانی و دەیپەرست.

بۆرەتاری بەیانییەک، وەک هەمیشە پیرەمێرد لە خەو هەستاو بە بەلەمەکەی ڕێگای زەریای گرتەپێش، کوڕە تازەلاوەکەیش شەوێ بەر لە ڕۆیشتنی پیرەمێرد، ماسی تازە و هەندێک کەلوپەلی بۆی کڕیبوو. پیرەمێردیش هەرچی لە کەناری زەریا دوورتر دەبووەوە، زۆرتر هەستی بە بۆنی خۆشی دڵی زەریا دەکرد، بەردەوام سەوڵی لێ دەدا و ماسییە باڵدارەکانی دەدی و سەیری ڕەقەکانی دەکرد کە هەندێکیان زیاتر لە هەزار کیلۆ کێشیان هەبوو، هەموو ئەمانە، لەنێو زەریادا هاوڕێی پیرەمێرد بوون. ئەو ڕۆژە بڕیاری دابوو لە دوورترین شوێنی کەناری زەریا، بەختی خۆی تاقی بکاتەوە، لەناکاو هەستی کرد یەکێک لە تەنافەکانی دەجووڵێتەوە؛ تەنافەکە دەکێشرایە خوارەوە و پیرەمێرد تەنافی زۆرتری دەدایە دەمیەوە و بەردەوام دەڕۆیشتە خوارەوە و قورستر دەبووەوە، بیری لەوە دەکردەوە کە ماسییەکی زۆر گەورە بووەتە نێچیری، ماسییەکە مەلەی دەکرد و پیرەمێردی بە شوێن خۆیدا ڕادەکێشا. کات تێپەڕی و وشکی لەبەر چاویدا ون بووبوو؛ چارەیەک بۆ پیرەمێردیش نەمابووەوە، جگە لەوەی کە بە سفتی تەنافەکە بگرێت و پاڵ بە بەلەمەکەیەوە بدات.

لەناکاو ماسی بەتوندی تەکانێکی لە خۆی دا و پیرەمێرد کەوتە نێو بەلەمەکەیەوە و ڕوخساری بریندار بوو! لەگەڵ خۆی بیری دەکردەوە: "تا ئێستا ماسییەکی بەو جۆرە بەهێزم ڕاو نەکردووە! زۆر بەئاسایی دەتوانێت لەنێوم بەرێت! بەڵام ئاگادار نییە لەگەڵ کۆنەڕاوچییەکی بەئەزموونداتێ ئالاوە".

ڕۆژ تەواو بووبوو و شەو هاتبووەسەری و ماسییەکە بەردەوام بەلەمەکەی بە شوێن خۆیدا ڕادەکێشا؛ پیرەمێرد هەستی بە برسێتی و سەرما دەکرد؛ دەستەکانیشی بریندار بووبوون و خوێنیان لێ دەتکا، ماسییەکی لەنێو بەلەمەکەیدا هەر بە کاڵی خوارد و دەستە بریندارەکەیشی خستبووە نێو ئاوە سوێرەکەی زەریا و دەری هێنا و سەیری دەستی کرد و گوتی: "دەستەکەم! پێم بڵێ بزانم حاڵت چۆنە؟ من ئەم هەموو کارە بەبۆنەی تۆوە دەکەم".

جارێکیان ماسییەکە لە قووڵایی زەریاوە هاتە سەرەوە و پیرەمێرد توانی بیبینێت؛ ماسییەکی گەورە و زەبەلاح کە جەستەی دوو هێندەی بەلەمەکەی دەبوو! دەمێکی گەورەی هەبوو و نێزەیەکی درێژ و تیژی پێ بوو کە وەک شمشێر خۆی دەنواند، سەری سووڕمابوو و تا ئەو کات ماسییەکی بەو جۆرەی ڕاو نەکردبوو، تەنانەت حیکایەتی ماسییەکی وەها گەورەشی نەبیستبوو!

ماسییەکە بەردەوام بەلەمەکەی ڕادەکێشا؛ پیرەمێرد هەستی بە هیلاکییەکی زۆر دەکرد، دەستەکانی بریندار بووبوون و هەستی بە ئازارێکی زۆر دەکرد؛ پشتیشی زۆری بۆ هاتبوو، بە تەنافێکی تری، ماسییەکی تری گرتبوو و خستییە نێو بەلەمەکەی و بە کاڵی خواردی، ماسییە گەورەکەیش جار جار نزیکی بەلەمەکە دەبووەوە و خۆی پیشانی پیرەمێرد دەدا، جارێکی تر کە نزیکی بەلەمەکە بووەوە، پیرەمێرد بە هەموو هێزیەوە نێزەیەکی کردە نێو لەشی ماسییەکەوە؛ تۆزێکی پێچوو کە دیتی ماسییەکە سەر ئاو کەوتووە.

ماسییەکە زۆر گەورە بوو و پیرەمێرد نەیدەتوانی تیکە تیکەی بکات و بیخاتە بەلەمەکەیەوە، بۆیە بە تەناف بە بەلەمەکەیەوە بەستییەوە، ماسییەکە ئەوەندە گەورە بوو وەک ئەوە دەبینرا کە بەلەمێکی تر بەلەمەکەیەوە بەسترابێتەوە. بڕوای بە نێچیرێکی وەها نەدەکرد! لە ڕێگای گەڕانەوەیدا، بیری لە پارەکەی دەکردەوە کە لە فرۆشتنی ماسییەکە دەستی دەکەوت، لەناکاو یەکەمین کۆسەماسی هێرشی کردەسەر ماسییەکەی و تیکەیەکی لێ برد،

هەرچەند پیرەمێرد توانی بە نێزەکەی کۆسەماسییەکە بکوژێت، بەڵام دەیزانی کە بەبۆنەی بڵاوبوونەوەی خوێنی ماسییەکەی لە زەریادا، کۆسەماسیگەلێکی زۆرتر بەرەو لای دێن.

پیرەمێرد بە خۆی گوت: "پیاو بۆ شکست خواردن نەخولقاوە! پیاو ڕەنگە لەنێوبچێت، بەڵام هەرگیز نابەزێت، کۆسەماسی، ئاژەڵێکی بەهێزە و هاوکات ژیر و بێ ڕەحمە، بەڵام من لەو ژیرترم". کات تێپەڕی و کۆسەماسیگەلێکی زۆرتر دەرکەوتن و هەر کام تیکەیەک لە گۆشتی ماسییەکەیان دەکەنەوە و دەیانبرد و پیرەمێردیش بەردەوام لە شەڕیاندا بوو و هەر جار بە شتێک لێیانی دەدا و چەند دانەیشیانی کوشت؛ بەڵام کۆسەماسییەکان وازیان نەهێنا، جگە لە ئێسکی ماسییەکە، هیچی تریان بۆی نەهێلایەوە.

پیرەمێرد ماندوو و برسی، بیری کردەوە: "نابێ بیر لە شتانێکی پووچ بکەمەوە، بەختەوەری شتێکە کە بە ڕواڵەتگەلێکی جیاواز دەردەکەوێت". بەهێوری سەوڵی لێ دا و تەنیا بیری لە خانووەکەی و کەنارەکە دەکردەوە. کاتێک تروسکایی چراکانی کەنارەکەی دی، گوتی: "چەندێک بەئاسایی دەکرێت شکست بخۆین، من تا ئێستا بیرم نەدەکردەوە کە شکست خواردن ئەوەندە ئاسایی بێت، ئێستا دەبێ بیبینم کە چ شتێک بووە هۆی شکست خواردنی من: دەبوایە ئەوەندە لە کەنارەکە دوور نەکەومەوە".

گەیشتە کەنارەکە و بەلەمەکەی بەستەوە و ڕۆیشتەوە بۆ کولوەکەی، ڕۆژی دوایی، هەمووان باسی ئەو ماسییە گەورەیەیان دەکرد کە پیرەمێرد ڕاوی کردبوو و ئێستا جگە لە ئێسکێکی گەورە و نێزەیەکی درێژ و تیژ، شتێکی لێ نەمابووەوە. پیرەمێردیش لە کولوەکەی خەوتبوو و چ خەوێکی قورس دایگرتبوو!

ئەم کورتە ڕۆمانە لە یەک ڕستەدا: "چیرۆکی تێکۆشان و خۆڕاگرییە بۆ ژیان"؛ لەوێوە کە ژیان لە تێکۆشان و خۆڕاگریدا واتا دەبێتەوە، پیرەمێرد لە ململانێی تێکۆشاندا، برینەکانی خۆی قارا دەداتەوە و هیچ کات بە بۆنەی ئێش و زەحمەت و تەنیایی، پاشەکشە ناکات، فێر دەبێت کە تا کۆتایی و تا دوایەمین هێزی، شەڕ بکات؛ ئەم بەرخودانە تەنیا بۆ ئەوە نییە بۆ خەڵک پاڵەوانێک بێت، بەڵکو بۆ ئەوەیشە کە لە دڵی خۆیدا پاڵەوان و بەهێز بمێنێتەوە.

کۆسەماسییەکان و ماسییەکانیش بە برای خۆی دەزانێت و بۆ شەڕی برای خۆی دەڕوات و بۆ مانەوە لە ژیاندا، براکوژی دەکات! "یاسای مانەوە"ی قبووڵ کردووە و بۆ براکەی ناڕەحەت دەبێت و تووشی خەمۆکی دەبێت و بۆ خۆی بەداخ دەبێت، چونکە دەزانێت کە ئەم گەوشینەیە، دەبێ گەوشینی مرۆڤ بێت.